زمانی ستانداردی نەتەوەی کورد

نیاز حەسەن

زمـان تـوخمێکی سـەرەکی پێکهێنـانی نەتەوەیە و یەکـێکە لە کۆڵەگەکـانی ڕاگرتنـی وڵـات. زمـان هاوشـانی خـاک و مێـژووی هـاوبەش و کولتـوور و توخمەکـانی تـر، ڕۆڵـی لە بونیاتنـانی نەتەوەدا بینیـوە. نەتەوەی کـورد خـاوەنی یەکێـک لە زمـانە هەرە بەهێزەکـانی جیهـانە، نەک تەنهـا لەبەر ئەوەی ئێسـتا ژمـارەی وشـەکانی لە گووگـڵدا زیـاترە لە هـی زمـانی تـورکی و عەرەبـی و فارسـی، بەڵکـوو هێـزی زمـانی کـوردی لەمـانەوە و خـۆڕاگریەکەی دایە. لەبەرامـبەر چەنـدان سـەدە داگیرکـاریی و ژێردەستەیی کورد و پیلانەکانی داگیرکەرانی کوردستان؛ زمانی کوردی هەر بە پتەوی ماوەتەوە .

ئیمپراتـۆریەت و دەوڵەتەکـان توانیویـانە زمـانی نەتەوەکانیـان بپـارێزن و بەزینـدوویی بیهێڵـنەوە، ئەم ڕاسـتییە لە مێـژووی کـورداندا بەجـۆرێکی تـرە. لەوەتەی دەوڵەتـی مـاد ڕووخـاوە؛ کـورد دەسـەڵات و دەوڵەتـی سـەربەخۆی نەبـووە، میرنشـینە کوردییەکـان تەمەنـدرێژ نەبـوون. کۆمـاری کوردسـتان لە مەهابـاد زوو کۆتـایی پـێ هێنـدرا؛ ئەزمـوونی چـوار سـاڵەی (١٩٧٠-١٩٧٤) ئۆتۆنـۆمی باشـووری کوردسـتان نەپـڕژاوەتە سـەر ئەم پرسـە و ڕەنـگە بەهەندیشـی وەرنەگرتبێـت؛ قەوارەی هەرێمـی کوردسـتانیش جـگە لە چەنـد هەوڵێکـی پچرپچـڕ، هەنگـاوێکی ئەوتـۆی نەنـاوە. لە ئێسـتادا پارچەکـانی بـاکوور و ڕۆژهەڵـاتی کوردسـتان خـاوەنی دەسـەڵاتی خۆمـاڵی نـین، ڕۆژاڤـای کوردسـتانیش سـەرقاڵی کێشـە سیاسـییەکانە. کەواتە لە هەمـوو سـەردەم و قۆناغەکـانی ڕابـردوودا؛ دەسـەڵاتی کـوردی فریـای دانـانی زمـانی سـتانداردی کـوردی نەکەوتـووە و دەرفەتـی بـۆ نەڕەخسـاوە، یـان وەک پێویسـت خەمـی لێ نەخواردووە و بەهەندی وەرنەگرتووە.

لەکوێــوە دەســت پێبکرێــت؛ کــێ بەم ئەرکە هەڵســێت؛ هەنگاوەکــان چــین؟ پرســیارگەلێکن کە وەڵامەکانیــان لە پەیوەنــد بە زمــانی ســتانداردی کــوردی گــرنگن. ئەگەر ئەم بــابەتە لەلایەن کــوردانی پسـپۆڕی زمـانی کـوردی لە دیاسـپۆراوە دەسـت پـێ بکرێـت، دواجـار بـۆ بەکارهێنـان و سـەپاندنی زمـانەکە؛ هەر دەبێـت لەسـەر خـاکی کوردسـتان تـاقی بکـرێتەوە، چـونکە زمـانی سـتاندارد بـۆ نـاوخۆی نەتەوە دادەنرێـت؛ نەک بـۆ هەنـدەران. گریمـان زانکۆکـانی هەرێمـی کوردسـتان هەنگاویـان بـۆ دانـانی زمـانی سـتانداردی کـوردی نـاو سـەرکەوتوو بـوون، ئەی چـۆن لە پارچەکـانی تـری کوردسـتاندا جێگیـر بکرێـت؟ بەدڵنیـاییەوە دانـانی زمـانی سـتاندارد؛ پێویسـتی بە پسـپۆڕان و ئەکادیمیسـت و شـارەزایانی هەر چـوار پـارچەی کوردسـتان دەبێـت، بەلام تەنیـا دەسـەڵاتێکی کـوردی دەتـوانێ بیخـاتە بـواری کـار پێ کردنەوە .

ئینجـا لێـرەدا ئـاڵۆزیەک دەبینـدرێت، گریمـان بە بریـار و یاسـا ئەو زمـانە فەرمیـیە سـتانداردە کـوردییە وەک زمــانی ئەدەب و هــونەر و زانســت و خوێنــدن و نووســین و سیاســەت و ڕۆشــنبیری لە هەرێمــی کوردسـتان ناسـێندراو کـاری پێکـرا، ئەدی لە پارچەکـانی تـری کوردسـتاندا بە کـام میکـانیزم ڕەوایەتـی پــێ بــدرێت و بە فەرمــی بەکاربهێنــدرێت؟ هەڵــبەت ئەمە کۆســپە گەورەکە نیــیە، لەبەرئەوەی لە گریمــانەی لەدایکبــوونی زمــانی فەرمــی ســتانداردی کــوردی لەســەر دەســتی پســپۆڕانی ســەرجەم زانکۆکـانی کوردسـتان و کـوردانی دیاسـپۆرا؛ هەرهێنـدە لە باشـوور و ڕۆژاڤـای کوردسـتان وەک زمـانی خوێنــدن و نووســین و ڕاگەیانــدن و زانکــۆ و ئەدەب و هــونەر پیــادە کــرا، لەدواڕۆژدا کــاریگەریی بــۆ ســەر هەردوو پــارچەی ڕۆژهەلات و بــاکووری کوردســتانیش دەبێــت و دواجــار شــوێنی خــۆی لەوێــش دەکاتەوە.

زمـانی کـوردی لە چەنـد دیالێکـت و شـێوەزارێکی جیـاواز پێـک دێـت. ئایـا بنەمـا و ڕێزمـان و ڕێسـاکانی ئەو زمــانە فەرمیــیە ســتانداردە کــوردیە پشــت بە کامیــان دەبەســتێت؟ ئەم وەلامە لای پســپۆڕان دەبینــدرێتەوە، ئەوان دەتــوانن ڕاڤە و شــیکار و هەڵســەنگاندنی بــۆ بــکەن. بەلام ئەوەی بەزەقــی

دەبیندرێت و دەتوانین پێشبینی بۆ بکەین، بریتییە لە تێکهەڵکێش کردن و ئاوێتەکردن و سوودبینین لە هەموو دیالێکتە سەرەکییەکانی زمانی کوردی (کرمانجی سەروو، کرمانجی ناوەڕاست، کرمانجی خواروو، پێکهێنەرەکانی تری زمانی کوردی). واتە، ڕەچاوکردنی سروشتی هەریەک لەو دیالێکتانە؛ ئینجا کاریگەرییان بەسەر کۆی بنەماکانی دانانی زمانە فەرمییە ستانداردەکە بەهەند وەربگیرێت. بەواتایەکی تر نابێت پێوەری زۆری و کەمی ژمارەی قسەپێکەرانی دیالێکتێک بکرێتە بناغەی سەرەکی بۆ داڕشتنی ڕێزمان و ڕێسا و دەنگ و فۆنەتیکی زمانە ستانداردەکە. ئەم وردەکارییە تەنها ئەکادیمیستەکان دەتوانن قسەی لەبارەوە بکەن و یەکلایی بکەنەوە.

لە تورکیا یەک زمانی ستانداردی فەرمی تورکی هەیە، لە ئێرانیش بەهەمان شێوە، تێکڕای وڵاتانی عەرەبیش یەک تاکە زمانی ستانداردیان هەیە؛ ئەگەرچی دانیشتوانی هەر وڵاتێکیان بە جۆرێکی جیاواز لەوانی تر قسە دەکەن. زمانی قسەکردن و مامەڵەی ڕۆژانەی خەڵک "زمانی شەقام"، "زمانی بازاڕ"، "زمانی گشتی" لە هەر وڵاتێکی عەرەبیدا بەجۆرێکە و تەنانەت ناوچە و شارەکانیشیان شێوەزاری جیاوازیان هەیە، بەڵام لەسەرتاسەری وڵاتانی عەرەبیدا؛ یەک زمانی فەرمی ستاندارد هەیە، کە زمانی خوێندن و نووسین و ڕاگەیاندن و ئەدەب و هونەر و ئەکادیمیا و ڕۆشنبیری و سیاسەت و پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانە. واتە یەک زمانی ڕێکخراو هەیە و هەمووان لێی تێدەگەن و دەتوانن لە بوارە جیاوازەکانی ژیاندا سوودی لێ ببینن. ڕێنووسی ئەو زمانە فەرمییە بە پیتەکانی "ئەلفوبێ"ی عەرەبییە، ئەمەش کارئاسانییەکی بۆ ڕێزمان و ڕێساکانی زمانەکە کردووە تاوەکوو لەگەڵ دەنگ و فۆنەتیکی تایبەت بەخۆیان یەکانگیر بێت.

ڕەنگە لێرەدا گرفتێک بێتە پێشەوە، دەگوترێت شێوەزار و دیالێکتەکانی زمانی کوردی زۆر جیاوازن و ڕێزمانی هاوبەشیان نییە، بۆیە زەحمەتە بتواندرێت یەک زمانی ستانداردی لێ وەبەر بهێندرێت. ئەم گرفتە زۆر لە قەبارەی خۆی گەورەتر نیشاندراوە، دەتوانین دیسان وەک نموونە

سـەیری زمـانی عەرەبـی بکەیـنەوە، بە سـەرنجدان لە دیالێکـت و شـێوەزارە لۆکاڵییەکـانی وڵاتـانی عەرەبـی؛ دەبینـین جیـاوازی دەنـگ و فۆنەتیـک و قسـەکردنیان هێنـدە زۆرە، کەچـی ئەم جیـاوازییە نەبـووەتە ئاسـتەنگ لەبەردەم بـوونی یەک زمـانی فەرمـی سـتانداردی سەرتاسـەری لە وڵاتـانی عەرەبـیدا. بێگومـان بەو ئەنـدازەیەش دیالێکـت و شـێوەزارە لۆکاڵییەکـانی کوردسـتان جیاوازیـان هەیە و ڕێزمـانی چوونیەکیـان نیـیە و کۆسـپێکی هەسـتپێکراون لەبەردەم سـەرهەڵدانی یەک تـاکە زمـانی فەرمـی سـتاندارد، کە بتوانـدرێت ببێـت بە زمـانی هەمـوو کـایە و بوارەکـانی ژیـانی نەتەوە لە کوردستانی گەورەدا، لەگەڵ ئەمەشدا کارێکی ئەستەم نییە و بەهەوڵدانی بەردەوام دێتەدی .

شـەش سـەدە ئیمپراتـۆریەتی عوسـمانی و سەدەیەکیشـە کۆمـاری تورکیـا خـاوەن دەسـەڵاتێکی ناسیۆنالیسـتی تـورکیی بەهێـزە لەنـاوچەکەدا، بەڵام هێشـتا زمـانی فەرمـی و سـتانداردی تـورکی لەئاسـتی توانـای دیالێکتەکـانی زمـانی کـوردیدا تـۆکمە نیـیە. ئەگەر سـەرنجی زمـانی فارسـی بـدەین، ئەوا لاوازی زمـانەکە بەبەراورد بە هەر کامێـک لە دیالێکتەکـانی زمـانی کـوردی بەئاسـانی دەبینـین. کـاریگەریی ئەدەب و هـونەری کـوردی بەسـەر هەردوو ئەدەب و هـونەری فارسـی و تـورکی دیـارە و کەس ناتوانێ نکۆڵی لێ بکات.

لەو کـاتەوەی زمـانی سـتانداردی کـوردی لەدایـک دەبێـت، دەتوانـدرێت لە سەرتاسـەری هەر چـوار پـارچەکەی کوردسـتانی گەورەدا و لە دیاسـپۆراش ببێـت بە زمـانی زانسـت و خوێنـدن و نووسـین و ڕاگەیانـدن و ئەدەب و هـونەر و سیاسـەت و ڕۆشـنبیری. هاوکـات خەڵکـی پارچەکـانی کوردسـتان و شـار و دەڤەر و ناوچەکـان بـۆ ڕایـی کردنـی ژیـانی ڕۆژانەیـان هەر بە شـێوە زارەکـانی لۆکـاڵی خۆیـان بـدوێن و دەسـتبەرداریان نەبـن. دانـانی زمـانی سـتانداردی نەتەوەیـی کـوردان؛ نـابێتە جێگـرەوەی شـێوەزارە لۆکاڵییەکـان و نایـان سـڕێتەوە. جیـاوازی نێـوان زمـانی سـتانداردی ئینگلیـزی و شـێوەی قسـەکردنی خەڵکـی وڵاتە قسـەپێکەرەکانی ئەو زمـانە جیهـانییە نـاچوونیەکن، بەڵام هێشـتا زمـانی ئینگلیزی زمانی فەرمی و زاڵە و شێوەزارەکان لاوازی نەکردووە .

دەیان ئەزموونی زمانی ستانداردی تاقیکراوە لە جیهاندا هەن و هاوشانیان زمانی لۆکاڵی و شێوەزاری ناوچەیی هەن، بەبێ ئەوەی کاریگەریی نەرێنی کردبێتە سەر ناوەڕۆکی زمانی ستانداردەوە. وەک پێشنیازێک؛ دەشێ لە هەرێمی کوردستان؛ یان لە ڕۆژاڤای کوردستان؛ یاخود لە دیاسپۆرا؛ زنجیرەیەک دیدار و کۆنفرانسی زانستی وەک سەرەتایەک بۆ گۆڕینەوەی بیروڕا و دانانی نەخشەڕێگای ئەکادیمی بۆ ئەم پرسە نەتەوەییە ئەنجام بدرێن.

ئەم پرسە هەستیارە بابەتێکی تەواو ئەکادیمی و زانستییە و پسپۆرانی زمانی کوردی دەتوانن ئاڵوگۆڕی زانیاری و بۆچوونەکانیان بکەن. ئەگەر بەرژەوەندی و ئەجێندای سیاسی خۆی نەخزێنێتە نێو هەوڵ و پرۆژە و چالاکییەکان، سەرەنجام ئەکادیمیستەکان دەتوانن لە کۆتاییدا بگەن بە فۆرمێکی یەکانگیری زمانی ستانداردی کوردی. ئەم بەرەنجامە ئەستەم نییە و بە ئەگەرێکی زۆرەوە دوای هەوڵ و کۆششی درێژخایەن بەئاکام دەگات. پەیوەندی پرۆژەی دانانی زمانی ستانداردی کوردی لەگەڵ کایەی سیاسەتی کوردستانیدا بەیەکتری نامۆ نین، چونکە بزاڤی ڕزگاریخوازی هەر چوار پارچەی کوردستان لەمیانەی خەبات و تێکۆشانی سیاسیدا؛ جەختیان لەسەر پارێزگاریکردن لە زمانی کوردی و مافی بەکارهێنانی زمانی دایک لە کوردستان کردۆتەوە. یەکێک لە دروشم و داواکاری و خواستی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان؛ بریتی بووە لە مافی بە فەرمی ناساندنی زمانی کوردی وەک زمانی"دایک، زگماک، سکماک" بۆ خوێندن و نووسین و بابەتی ئەدەب و هونەر و زانست لە هەر پارچەیەکی کوردستاندا .

پێویستە سەبارەت بە لەدایکبوونی زمانی ستانداردی کوردی گەشبین بین. زمانێک توانیبێتی لەماوەی چەندین سەدە بەتۆکمەیی بمێنێتەوە و لەژێر فشارەکانی داگیرکەراندا لاواز نەبێت و بگرە هەنگاو بە هەنگاو بەهێزتریش بێت، زۆر ئاساییە سەرباری جیاوازی زۆری نێوان دیالێکت و شێوەزارەکانی؛ بگات بە فۆرمێکی نوێی سەرتاسەری و سەرهەڵدانی زمانی ستاندارد. زمانی کوردی لە ماوەی دوو سەدەی ڕابردوودا کەوتبووە ژێر کاریگەریی زمانەکانی نەتەوە

سەردەستەکان و لە دەقە ئەدەبییەکانی ئەو سەردەمەدا بەڕوونی دەبینرا. لە ئێستادا کاریگەری زمانی تورکی و فارسی و عەرەبی لەسەر زمانی کوردی و دیالێکتەکانی نەک هەر زۆر کەمبۆتەوە، بەڵکوو دەگمەن و هەست پێ نەکراوە. بە سەیرکردنی دەقی ئەدەبی و هونەری و شێوازی نووسین و زمانی میدیای کوردی، هەست بە نەمانی کارتێکردنی زمانی نەتەوە سەردەستەکان دەکەین. ئەوە لەکاتێکدا بۆ لەناوبردنی زمانی کوردی و سڕینەوەی لە ئەندێشەی کورداندا؛ زۆرترین فشاری داگیرکەران لەماوەی سەدەی نۆزدە و بیستەمدا بووە .

زمانی کوردی لەماوەی زەبروزەنگی داگیرکەراندا پاشەکشێی نەکردووە و لەجاران تۆکمەتر بووە. ئەو زمانە کوردییەی ئێستا لە باشووری کوردستاندا بەکاردەهێندرێت، زۆر پێشکەوتووترە لەو ئاستەی لە سەرەتای بەزۆر لکاندنی بە عێراقی عەرەبییەوە بەکاردەهات. ئەمە نیشانەی هێز و پتەوی زمانی کوردییە، کە توانیویەتی سەرباری فشاری بەعەرەبکردن، هەمیشە خۆڕاگر بێت و بەرەوپێشەوە بچێت. ڕەوتی تۆکمەبوونی زمانی کوردی لە پارچەکانی تریش؛ هاوتەریبی باشوور گەشەی کردووە. لەگەڵ دروست بوونی کۆماری تورکیا؛ بەفەرمی زمانی کوردی قەدەغە کراوە، کەچی توانای زمانی کوردی لە باکووری کوردستان زۆر پێشکەوتوو ترە لە سەد ساڵ پێش ئێستا، هەرچەندە لە خوێندن و نووسین و ئەدەب و هونەریشدا بەکار ناهێندرێت. هەمان دۆخی پەرەسەندنی زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژاواش ڕوون و ئاشکرایە، ئەگەرچی داگیرکەران بە فەرمی بەکارهێنانی زمانی کوردیان قەدەغە کردبوو.

ئەمانە بەڵگەی سەلمێنەری هێز و کاریگەری و زیندوویی زمانی کوردییە لە هەر چوار پارچەکەی کوردستانی گەورەدا.گەشبینی بۆ گەیشتن بە یەک زمانی ستانداردی کوردی بۆ هەموو کوردانی جیهان، پشت ئەستوورە بەم هێزە پتەوەی زمانی کوردی. کەواتە هیچ کۆسپ و ئاستەنگێک ناتوانێ ڕێگر بێت لەبەردەم دانانی زمانی ستانداردی کوردی. دەبێت ئەو ڕاستیە زەق بکرێتەوە، کە

زمــانی کــوردی جــگە لەوەی تــوخمێکی ســـەرەکیە لە نەتەوەســـازییدا، ڕووی پرشـــنگداری ناســـنامەی کوردستانییبوونیشە.